# ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دوانە دژوازەکان لە هەڤایەتی فۆلکلۆری کوردیدا


م.محەمەد ئەحمەد حەسەن
خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سەڵاحەدین
کۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

پ.د.هیمداد حوسێن بەکر
زانکۆی سەڵاحەدین
کۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی


## پێشەکی

ئاشکرا دوانە دژوازەکان لە بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبییدا ڕۆڵیکی گرینگ دەبینن، تەنانەت زۆر لە توێژەران باوەڕیان وایە بوون لەسەر دوانە دژوازەکان وەستاوە. ئەگەر سارد نەبێت، گەرمیش نییە، ئەگەر ڕووناکی هەبێت، ئەوا تاریکیش هەیە. تاکوو هەست بە تاریکی نەکین، ڕووناکی نابینین. مرۆڤ لە هۆشی خۆیدا ئەمانەی ڕێکخستووە، هەرچەندە هەست بە دژبوونی ئەو دیاردانە لەگەڵ یەکدی دەکات. هاوکات ئەو دژوازیانە بە یاسایەکی ڕێکوپێك لەگەل یەکدی دێن. ئەگەر ڕۆژ هەڵنەیەت، نازانین شەویش دەبێ دابێت.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی دوانە دژوازەکان لە هەڤایەتی فۆلکلۆری کوردیدا) هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی ئەو دوانە دژوازانەی دەقی هەڤایەتی فۆلکلۆری کوردیان پێکهێناوە، بەتایبەت ئەو دوانانەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە. توێژینەوە لە دوانەی دژواز گرینگی خۆی لە ئاشکراکردنی دەلالەت و ڕاڤەی دەق و گوتاردا هەیە. توێژینەوەی بونیادگەرەکانیش باشترین نموونەن، بەتایبەتی لە ئاستی زمانییدا.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم بە ناونیشانی (سەرەتایەك لەبارەی دوانەی دژوازەوە) هەوڵێکی تیۆریانەیە لەبارەی چەمکی دوانەی دژوازەوە، بەوەی تا چەند ڕۆڵیان لەناو دەقدا هەیە. سەرەتای توێژینەوە لە دوانە دژوازەکان بۆ کام تیۆری ڕەخنەیی دەگەڕێتەوە. هەرچی بەشی دووەمە بە ناونیشانی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی دوانە دژوازەکان لە هەڤایەتدا) هەوڵێکی پراکتیکییە لەو دوانە دژوازانەی لە هەڤایەتی فۆلکلۆری کوردیدا ڕەهەندی کۆمەڵایەتیان هەیە. بەتایبەت دوانەی هەژاری و دەوڵەمەندی، سێستەمی پیاوسالاری و سێستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بۆ ئەم توێژینەوەیە پەنامان بۆ مێتۆدی سیمیۆلۆجی بردووە، چونکە لە ڕێی ئەم مێتۆدەوە دەتوانین دەلالەتە کۆمەڵایەتییەکانی هەریەك لەو دوانانە دەربخەین. بەوەی ئایا هەریەك لەوانە چ دەلالەتێکیان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە. ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی دوانە دژوازەکان و خوێندنەوەیەکە بۆ لایەنی کۆمەلایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێی دەقی هەقایەتەوە لە کۆندا. لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان بە چەند خاڵێك ڕوون کردۆتەوە.

**بەشی یەکەم: سەرەتایەك لەبارەی دوانەی دژوازەوە**

بۆ توێژینەوە لە دوانە دژوازەکان، یەکەم هەنگاو دەبێ بۆ لای بونیادگەرەکان بگەڕێینەوە. دوانەکان ناوەندێکی سەرەکیین بۆ توێژینەوە لە بونیادی دەقی ئەدەبی. لە ڕێیانەوە دەتوانین بە بونیادی سەرەکیی دەق بگەین. دەمێکە ئەو بۆچوونە هەیە، کۆی شتەکانی ناو ژیان بریتیین لە هەموو شتە دژوازەکان. ئەویش وشە واتاکەی لە خۆیدا نییە، بەڵکو لە دژەکەیەتی. وشەی (سارد) ئەوکاتە واتای دەبێت، کە (گەرم) هەبوو. هەروەك ئەوەی "دی سۆسێر" لەبارەی زمانەوە دەیڵێت: کە زمان بریتییە لە جیاوازییەکان، لەسەر ئەم پێناسەیەوە بونیادگەرەکان بۆچوونەکانیان هەڵچنی. بەوەی جیهان بریتییە لە: ((کۆمەڵێ دوانەی دژواز و بەرانبەری، ڕەنگدانەوەی تۆڕێك لە پێوەندیین، بەهۆی گواستنەوەیان دەگۆڕێن بۆ کۆمەڵێ دوانەی ڕووت.)) ﴿عبدالمطلب،٢٠٠٢،ص١٤٩﴾ بۆ شیکردنەوەی هەر شتێك، یان دەرخستنی واتای هەر شتێك، دیاردەیەك، پێویستیمان بە دۆزینەوەی ڕایەڵەی پێوەندی نێوان دوانە دژوازەکانە، بۆ ئەمەیش دەبێ بچینە قووڵایی بونیادی پێکهاتەیی دیاردەکان.

دوانەی دژواز پایەکی سەرەکیی گوتاری دەقن، بونیادی زمانێکی کارایە بۆ ئافراندنی وێنای دیاریکراو بەرانبەر پێکهاتەکانی بوون. واتە لە ڕێی دوانەی دژوازەوە ئێمە دەتوانین ئەو دیاردە و پێکهاتانەی ناو بوون و گەردوون وێنا بکەین. ئەم هەستکردنەی ئێمە لە دوو هەستی هوشیاریی و ئاگاییماندا دەردەکەوێت. وەکو "جان کۆهین" دەڵێت: ((دوانەی دژواز لە دوو هۆش و هەستی جیاوازەوە گەشە دەکەن. یەکیان لەم دوو هەستە لە سێستەمی درککردن لە ئاگاییدا دێتەبەرهەم و ئەوەی دووەمیان لە نائاگاییدا.)) ﴿کوهن، ١٩٩٥، ص١٨٧﴾ لێرەدا هەردوو عەقڵی ئاگایی و نائاگایی، کە "فرۆید" ئاماژەیان بۆ دەکات، لە بەرهەمهێنانی دوانە دژوازەکاندا بەشدار دەبن. کەواتە یەکیان لە دەورووبەرێکی دیاریکراودا درککپێکراوە، ئەویدیکەیان لە نائاگاییماندا بە کۆگاکراوە. دەتوانین ئەم بۆچوونە فراوانتر بکەین، بەوەی دوانەی دژواز خاسیەتێکە لە خاسیەتەکانی بوون، بەتایبەتی زۆربەی هێڵە گەورەکانی گەردوون و بوونی لەسەر بونیادنراوە، بۆ نموونە: ئاسمان/زەوی، شەو/ڕۆژ، نێر/مێ...تاد. ئەم دیاردە گەورانەی گەردوون، بە بڕوای زۆرێك لە فەیلەسووفان بوونی لەسەر بونیادنراوە. لە ڕێی ئەم دوانە دژوازانەوە جووڵە و سێستەمی گەردوونی پەیدا دەبێت. تەنانەت بەهۆی ئەم دیاردانەوە گەردوون و ژیان ڕێڕەوی لۆژیکی و ئاسایی خۆی وەرگرتووە. واتە ئەم دیاردانە یاسایەکی ڕێك و لۆژیکیان بۆ گەردوون داناوە، کە گەردوون بەو شێوە ڕێکەی ئێستا بجووڵێتەوە.

مرۆڤ لە هۆشی خۆیدا ئەمانەی ڕێکخستووە، هەرچەندە هەست بە دژبوونی ئەو دیاردانە لەگەڵ یەکدی دەکات. هاوکات ئەو دژوازیانە بە یاسایەکی ڕێکوپێك لەگەل یەکدی دێن. ئەگەر ڕۆژ هەڵنەیەت، نازانین شەویش دەبێ دابێت. مرۆڤیش بەپێی ڕۆژ و سەردەمەکان بەر ئەم دوانە دژوازانە کەوتووە، لەگەڵیان ژیاوە، لێرەوە واتا و دەلالەتی بۆ داهێناون، ئەم واتاو دەلالەتانە لەناو ژیان و هونەر و زماندا خۆیان نماییش کردووە. لەلایەکی دیکە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بوونەتە هۆکارێکی بەهێزی گوزارشتکردن، چونکە لەناو ئەو دوانە دژوازانەدا واتایەك بۆ گەردوون دەدۆزنەوە. پێوەندنی منی تاك لەگەڵ ئەوانیتر دیاری دەکات. لێرەوە بەر دوو شێوە لە دوانەی دژواز دەکەوین، یەکیان شێوەیەکی دەرەکی هەیە و لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤدایە، ئەوی دیکەیان شێوەی مرۆڤی هەیە، واتە لە ڕێی بیر و هزری مرۆڤەوە دروست دەبێت. کواتە دوانەی دژواز دەبێتە جۆرێك گوزارشتکردن لە ڕۆشنبیریی و شارستانییەت، هاوکات ژیانی مرۆڤەکان ڕێك دەخات.

نووسەران و شاعیران گەورەترین توێژێکن، بەردەوام لە ژیانێکی دژوازدا دەژین. ئەوان هەمیشە لەگەڵ تاکەکانی دەورووبەریان و کۆمەڵ لە ململانێدان، بە هۆی ئەمەوە باشترین بەختیان لە بەرهەمهێنانی دوانە دژوازەکاندا هەیە. ((دوانە دژوازەکان ڕۆڵی کارایان لە بونیادی دەقدا هەیە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی دەورووبەردا.)) ﴿الديوب،٢٠٠٨،ص١٧٢﴾ بەبێ دەرووبەر هیچ دوانەیەکی دژواز واتای نابێت. ئەمە بۆ دەقیش هەر ڕاستە، لە ئاستی فۆرمدا لە دەقدا بە شێوەی دەستەواژەی سەربەخۆ و شێوەی پێکهاتەیی زمانیی دێت، بەڵام لە ئاستی ناوەڕۆکدا لە چوارچیوەی مەعریفەی نووسەر لەلایەك و مەعریفەی خوێنەر/وەرگر لەلایەکی دیکە دێت. لێرەوە دوانە دژوازەکان لەنێوان ئامادە و نائامادە(الحچور والغیاب)دا دەردەکەون.

دوانەی دژواز یەك لە چەمکە ڕەخنەییە نوێیەکانە. ئەم چەمکە دوای بۆچوونی بونیادگەرەکان بەتایبەتی لای ڕابەرانی قوتابخانەی پراگ و بەتایبەتیتر "ڕۆمان یاکۆبسن" و "ئەمیل بنفێست" پەرەی پێدەدرێت. لێرەوە دەبنە ناوەندی توێژینەوە زمانەوانییەکان، بەتایبەتی لەسەر هەردوو ئاستی فۆرم و بونیاد دا. پاشان ئەم چەمکە ((دەبێتە ڕەگەزێکی ئەدەبی و ئێستاتیکی لە بونیادی گوتاردا شێوە دەگرێت، هەر لەم چوارچێوەیەشدا لە ئاستی ڕاڤەکردندا واتاکەی قاڵب دەگرێت.)) ﴿فضل،١٩٨٧،ص١٠٨﴾ کەواتە دوانە دژوازەکان لەناو یەکە گوتارییەکاندا گەشە دەکەن. ئەمانە لەسەر ئاستی دالە زمانییەکەدا کێشە بۆ بونیادی دەق دروست دەکەن. لە شێوەی یەکەمدا خۆیان وەکو دژوازی هەستەکی، یان بە واتا ڕەوانبێژییەکەی وەکو دەربڕین دەردەکەون. لەلایەکی دیکەوە وەکو پێکهاتەی ڕێزمانیی لەنێوان گرێ ناوی و کارەکییەکاندا خۆیان نماییش دەکەن. ئەمانە لەناو گوتاردا وەکو دالێك خۆیان پرۆسێسە دەکەن. هەرچی شێوەی دووەمە لە چوارچێوەی گوتارەکەدا واتا و دەلالەتمان دەداتێ، ئەمەیش دەبێتە دژوازی مەعنەوی.

پێشتر گوتمان لە مێتۆدی ڕاڤەی بونیادگەریدا دەق وەکو دیاردەیەکی زمانیی لێی دەنۆڕدرێت، ئەویش بە هاوکاری تۆڕێك لە بونیادی دەق وکو: بونیادی ڕێزمانی، گوتاری و دەنگی. هەموو ئەمانە دەبنە نەسەقێك. ئامانجی ڕاڤەی بونیادیش دەرخستنی بونیادی دەقە، ئەویش بۆ زانینی ئەوەی: چۆن کار دەکا؟ پێکهاتەکانی چین؟ ئەمانە لە چوارچێوەی نەسەقێکی زمانی و سێستەمێکی جێگر و گۆڕاو لە یەککاتدا بە دیار دەخرێن. بۆ ئەمەیش دوانە دژوازەکان چوارچێوەیەکی بنەڕەتی و بەهێزی بەرهەمهێنانی واتان. "گریماس" گرینگی زۆر بە دوانە دژوازەکان و هاوبەرانبەری لە ڕاڤەکردنی گوتاری گێڕانەوەیی داوە، بەتایبەتی لە کتێبەکەیدا (دەلالەتە بونیادییەکان)دا. ئەو وەکو بەرهەمهێنەری واتا لە دوانە دژوازەکان دەنۆڕێت، هۆکاری ئەمەیش بۆ بەریەککەوتنیانە لە چوارچیوەی بونیادێکی دژ و پێچەوانەدا. پاشان توێژینەوە بە هۆی دوانە دژوازەکانەوە دەبێتە ((دیاردەیەکی ڕەخنەیی و پێکهاتەیی لەناو دەقدا بۆ ئاشکراکردنی دەلالەتی دەق و ئاستەکانی ئیقاعی دەق.)) ﴿الطرايفي،٢٠٠٦،مقدمه﴾ ئەم پرۆسێسەکردن و مەزراندنە لە خۆوە نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی ورد و


e-ISSN (2522-7130)                    p-ISSN (2410-1036)

قووڵ لەناو دەقدا دادەڕژرێت، چونكە یەكێك لە ئەركەكانی دوانە دژوازەكان بەرهەمهێنانی درامییە لەناو دەقدا، هاوكات بونیادی هونەریش لە ئەنجامی جووڵە و بزاوتی نێوان دژوازەكان پەیدا دەبێت.
نووسەرێكی وەكو "یوری لۆتمان" لە كتێبەكەیدا (بونیادی دەقی هونەری) لە ساڵی (١٩٧٣)دا، بۆ ئاشكراكردنی دەلالەتی فەزای ڕۆمان پەنای وەبەر دوانە دژوازەكاندا برد. ئەم شێوازە وەها لە دەق دەنۆڕێ، كە دەق لە شێوەی كۆمەڵی چەمك و زاراوەی بەرانبەری پێوەند بە شوێن و كات و كارەكتەرەكانەوە خۆی دەنوێنێ. ئەم چەمك و زاراوانە ڕەهەندێكی واقیعییان نییە، بەڵكو كۆمەڵێ هێمای نووسەرن بۆ گەیاندنی پەیامەكەی بە كاریان دەبات. ئەمە لە گێڕانەوەدا بە (گۆشەنیگا) ناو دەبرێت. وەكو "واین بۆپ" دەڵێت: ((هەموومان لەسەر ئەوە هاوڕاین گۆشەنیگا بە واتایەك لە واتاكان بابەتێكی تەكنیكییە و هۆیەكە لە هۆیەكانی گەیشتن بە مەبەست.)) ﴿الحمدانی،١٩٩١،ص٤٦﴾ كەواتە هەموو دوانە دژوازەكان لە سروشتی جێگربوونی خۆیانەوە بۆ سروشتێكی دیكە لەناو دەقدا دەگوازرێنەوە. بە بڕوای "لۆتمان" تۆڕێك لە پێوەندی ڕێكخراو لەنێوان ئەو دووانانەدا وەكو شوێن هەن، بۆ نموونە چەمكەكانی: بەرز/نزم، نێزیك/دوور، پچڕاو/گەیەنراو، دیاریكراو/ دیارینەكراو، بە بڕوای ئەو ئەم زمانە شوێنییە یاسایەكی سەرەكیین بۆ ڕاڤەكردنی لایەنی كۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی و ئاكاری.
چەمكی دوانەی دژواز دەمێكە جێی مشتومڕی فەیلەسووفان بووە، بەتایبەتی هاوڕێكی و هاوبەرانبەری دوانەكان. گەردوون وەكو یەكەیەك دێتە بەرچاو، بۆیەیش هەوڵی تێگەیشتنیان لە گەردوون داوە، لێرەوە بۆ خود(مرۆڤ) و بابەت(گەردوون) دابەشیان كردووە. تەماشایان كردووە ئەم دوانە لە یەكدی جودان، ئەم جوودابوونە كۆمەڵێ دوانەی دیكەی وەكو: خراپە/چاكە، تاریكی/ڕووناكی بەرهەم دەهێنێت. تەنانەت لەناو دەروونی مرۆڤیشدا، مرۆڤ دەبێتە پاڵپشتی یەك لەو دوانە دژوازانە. بۆیەیش دوانەكان لە فەرهەنگی فەلسەفیدا وەها پێناسەكراوە: ((دوانە ئەو پەیڤەیە، مەبەست لێی دوانەییە ڕاڤەكراوەكانی گەردوونە وەكو دوانەی دژ و بەرانبەرین، یان دوانەی سنووردار و بێ سنوور لای فیساگۆرسییەكان، یان دوانەی جیهانی باڵا و جیهانی هەستپێكراو لای ئەفلاتوون.)) ﴿صلیبا،١٩٩٤،ص٣٧٩﴾ لێرەدا بابەتەكە دوانە دژوازەكانن وەكو سیفەتی بوون و گەردوون ئاماژەیان بۆ دەكرێ. بۆ نموونە لای فیساگۆرسییەكان هەوڵێكە بۆ ڕاڤەكردنی گەردوون، ئایا گەردوون سنووری هەیە، یان بێ سنوورە و كۆتایی نییە. یان لای "ئەفلاتوون" گەردوون لە دوو جیهانی دژواز پێكهاتووە، ئەوانیش جیهانی باڵا(نموونەیی) و جیهانی هەستپێكراو(واقیعی). ئەم دوو جیهانە دژ و هاوكات تەواوكەری یەكدین، چونكە هەموو بوونەكانی سەر جیهانی هەستپێكراو كۆپی شتەكانی جیهانی باڵان. كەواتە دژیەك لێرەدا ڕۆڵی پێوەندیی لەنێوان دوانەكاندا دەبینێ، بوونی سپی لەگەڵ ڕەش دژە. ئەم دوانە دژوازانە ئەگەر لەگەڵ یەكدی لە هەمان باردا هاتن، ئەوا هەستكردن پێیان ڕوون و تەواوتر دەبێ. واتە بارە دەروونییە دژەكان یەكدی ڕوون دەكەنەوە. مێشكی مرۆڤ دەبێتە ناوەند و هێڵی نێوانگیری نێوان دوانە دژەكان.
چەمكی دوانەی دژواز وەكو چەمكێكی بونیادی لە توێژینەوەكانی "كلۆد لیڤی شتراوس" لەبارەی ئەفسانەكان پتر چوارچێوە دەگرێت. ئەو ((لە توێژینەوەكانیدا هەموو لایەنێكی ژیانی خستە بەر توێژینەوە، بە ئامانجی گەیشتن بە بونیادی فیكری مرۆڤ، ئەویش لە چوارچیوەی بەركەوتنی بە شت و گەردوون و ژیان، لەمەوە دەگاتە ئەوەی دوانە دژوازەكان پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێن بۆ دانانی چارەسەرێكی یەكسان لەنێوانیاندا.)) ﴿السعدنی،١٩٨٧،ص٤١﴾ كەواتە بونیادگەرەكان تەنیا لە ڕووی وشە و چەمكەوە تەماشای دوانە دژوازەكان

ناکەن، بەڵکو لە ڕووی هێماوەیش سەریریان دەکەن. لێرەوە ڕۆڵی دوانە دژوازەکان لە بونیادی دەقدا بۆ بەرهەمهێنانی دەلالەتی تازە دەردەکەوێت. بۆیەیش کەم فەیلەسووف و ڕەخنەگر و نووسەر هەیە، لە توێژینەوەکانیاندا سوودیان لە دوانە دژوازەکان بۆ ڕاڤەکردنی تیۆرییەکانیان وەرنەگرتبێت. "میشێل فۆکۆ" لە ڕێی دوانەکانەوە هەوڵی کەشفکردنی ئارکیۆلۆژیای ناهووشیاریی مەعریفە لای مرۆڤ دەدات، ئەمە بە ڕوونی لە کتێبەکەیدا (ئارکیۆلۆژیا مەعریفە) دا دیارە. "مارکس" سوود لە دوانەی (کۆیلە/ دەرەبەگ) یان (کرێکار/سەرمایەدار) بۆ داڕشتنی تیۆرەکەی وەردەگرێ. لەلایەکی دیکە لە ڕێی دوانەی دژوازەوە کارایی شیعریەتیمان لە بوون بۆ دەردەکەوێ، ئەمەیش بە کۆمەکی پێوەندییە لێکچوویی و دژوازەکانەوە، هەوڵێکە لە دەقی ئامادەوە بۆ گەیشتن بە دەقی نائامادە.

توێژینەوە لە دوانەی دژواز گرینگی خۆی لە ئاشکراکردنی دەلالەت و ڕاڤەی دەق و گوتاردا هەیە. توێژینەوەی بونیادگەرەکانیش باشترین نموونەن، بەتایبەتی لە ئاستی زمانییدا. زۆر لە توێژەران سوودیان لەم مێتۆدە وەرگرتووە. توێژەر "کەمال ئەبودیب" لە توێژینەوەیەکیدا بۆ کۆمەڵێ نموونەی کەلەپووری (التراثي)، لە ڕێی دەرهێنانی دوانە دژوازەکانەوە و مەزراندنیان لەناو دەقی شیعرییدا بەوەی ئەم ((دوانە دژوازانە بەردەوام ڕوونی بە قەسیدە دەدەن، هاوکات لەناو هەموو بەشەکانیدا ئامادەییان هەیە.)) ﴿ابودیب،١٩٧٩،ص٢٤٨﴾ دەرخستن و ئاشکراکردنی پێوەندی نێوان ئەم دووانانە بۆ ئاشکراکردنی چالاکیی شیعرییەت. ئەمەیش جۆرێك لە جیاوازی و دوورکەوتنەوە لەناو بونیادی قووڵی دەق دروست دەکات. بە هۆی ئەم جیاوازیی و دژبوونەیانەوە ڕەهەندی ئێستاتیکی و ڕەوانبێژی دروست دەبێت، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دەروونی خوێنەر هەیە. کەواتە گوتاری دەق لێرەدا لە دەوری ئەو دوانە دژوازانەدا دەسووڕێتەوە. وەکو پێشتریش گوتمان هێندێکیان لەناو دەق ئامادەییان هەیە و هێندێکی دیکەیان بە شێوەی نائامادە(غیاب) لە زەینی خوێنەردا هەن، بە لێکدانی هەردووکیان گوتاری دەق دروست دەبێت.

ئاشکرایە پرۆسێسەی پێوەندی لە هەر کارێکی ئەدەبییدا لە سێ جەمسەرەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوانیش: نووسەر، دەق، خوێنەرن. هەموو دەقێکی داهێنەرانەیش مەبەست و ئامانجی خۆی هەیە، کە لە بونیادی دەقدا خۆی مەڵاس داوە. گێڕانەوەیش بە هەموو ژانرەکانییەوە لە ڕێێ توخمەکانییەوە: ڕووداو، کات و شوێن، کارەکتەر، زمان...تاد، هاوکات تەکنیکەکانی ڕۆڵی خۆیان هەیە. گومانی تێدا نییە ((نووسەر جیهانبینی خۆی بەرانبەر واقیع بەرجەستە دەکا، هاوکات دەیەوێ ئەو چوارچێوە باوەیش تێپەڕێنێ، تاکو گوتارەکەی بۆ ئاستی ژیانی ڕۆژانە دانەبەزێ، لێرەدا پێویستی ئاوێزانکردنی هەموو دیاردەکانی زمان دێتە پێشەوە، ئەمەیش لە پێناو جێبەجێکردنی ئامانجە ئێستاتیکییەکە بە شێوەی جۆراوجۆر.)) ﴿عبدالمطلب،١٩٩٧،ص١٧﴾ بە هۆی ئەمەوە زمانێکی سەرشار بە ئێستاتیکا و ڕەوانبێژی دروست دەبێت. ڕەوانبێژیش یەکێکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی دوانە دژوازەکان. ئەمانەیش دەبنە شێوازێك، یان ڕێیەك بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری دەق، لەسەر هەردوو ئاستی بونیادی و بابەتیدا.

دوانە دژوازەکان لە گێڕانەوەدا کاریگەریان لەسەر بە گەڕخستن و بەرەوپێشبردنی توخمەکانی گێڕانەوەدا هەیە. بۆ نموونە کارەکتەر، لە گێڕانەوەدا ((کارەکتەر ناوەندێکە بۆ هەموو گۆڕانەکان لەسەر ئاستی گێڕانەوەیی، ناتوانین وەکو یەکەیەکی دەلالی درکی پێبکەین، تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەوە نەبێت. ئەم

پێوەندییەیش لە ڕوانگەی پێوەندیی لێکچوون و جیاوازییەوە دیاری دەکرێت.)) ﴿هامون،٢٠١٣،ص٣١﴾ تەکنیکی فرەدەنگی ڕۆڵی لە دەرخستنی ئەو جیاوازیەی نێوان کارەکتەرەکاندا هەیە، چونکە هەر کارەکتەرەو خاسیەتی جەستەیی و ئایدیۆلۆژی خۆی هەیە، کە لە کارەکتەرێکی دیکە جیای دەکاتەوە. لەسەر ئاستی ئەرکیش ئەن جیاوازییە دەردەکەوێت. ناوی کارەکتەرەکانیش یەکێکی دیکەیە لەو جیاوازییانەی، کە کارەکتەرەکان لە یەکدی جودا دەکاتەوە و جیاوازی دەخاتە نێوانیان. هاوکات هەر لە ڕێی ناونانەوە ڕۆماننووس کۆمەڵێ دەلالەت و ڕەهەند دەردەبرێت.

دوانە دژوازەکان دەبنە کەرەسە و مێتۆدێك بۆ فەیلەسووف "جاك دریدا"، تاکو سێستەمەکانی پیش خۆی هەڵوەشێنێتەوە. دواتر بە هۆیەوە مێتۆدی هەڵوەشانەوەگەرایی بۆ ڕاڤەکردنی دەق دادەهێنێت. بە بڕوای "دریدا" بوونی دوانە دژوازەکان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەقی تەواو و کامڵ وەهمێکە. لەلایەکی "دریدا" لەگەڵ "دی سۆسێر" لەمەڕ بوونی جیاوازی و دژ لەناو زماندا هاوڕایە، بەلام لەوێدا ڕەخنەی ئاراستە دەکا، کە ئەم جیاوازییە تەنیا لە نووسیندا دەردەکەوێ. ئەمەیش وا دەکات دەق بەرەو فرەواتایی بچێت، بە پیچەوانەی بونیادگەرەکان، کە دەقیان کۆتوبەند دەکرد. ((دریدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە خود خۆی وەکو دەق ناکۆك و فرەلایەنە. ناکۆکییەکانی نێو دەق دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو گەڕانێك بە دوای نیازی گونجان هەماهەنگی لەلای نووسەر، گەڕانێکی وەهمی و بێ سوود بێت.)) ﴿زیما،٢٠٠٤،ل٦٣﴾ لەناو دەقدا چەندین واتا خۆیان حەشارداوە، ئەو واتایانە تەنیا لەلای یەك خوێنەر/خود، یان ڕەخنەگر قەتیس نابێت و کۆتایی نایەت، بەڵکو هەر ڕەخنەگرە دەتوانی جارێکی دیکە بە واتایەکی جیاواز بینووسێتەوە. کەواتە دەسەڵاتی نووسین بەسەر ئاخاوتندا زاڵ دەبێت، لای بونیادگەرەکان مەدلوولی دال سنووردار بوو، هەموو دالێك یەك مەدلوولی ڕەهایان (مگلق) بە خوێنەر دەدا، بەڵام لای هەڵوەشانەوەگەراکان دالەکان مەدلوولی بێ سنووریان هەیە، لەگەڵ گۆڕانی خوێنەرەکان مەدلوولەکانیش دەگۆڕێن. لێرەدا حەقیقەتێکی ڕەها بوونی نییە، ڕۆڵی دال، کە لە بونیادگەریدا وەکو نیشانەیەك دەردەکەوێ، تاکو دەق بۆ یەك مەدلوول کورت بکاتەوە، کەم دەبێتەوە، ئەم ڕۆڵە لە جیاتی دال بە مەدلوول دەدرێت.

لێرەوە سوود لە مێتۆدە بونیادییەکەی "کلۆد لیڤی شتڕاوس" بۆ توێژینەوە لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی وەردەگرین، هەرچەندە کارەکانی ئەم فەیلەسووفە، درێژەپێدەری کارەکانی "پرۆپ"ە، بەڵام نابی ئەوەیشمان بیربچێت، زۆر شتی تازەی خستەسەر بۆچوونەکانی "پرۆپ". "شتراوس" لە ڕاڤەکردنەکانی بۆ ئەفسانە، تێبینی کرد دوانە دژوازەکان کۆمەڵێکن لەگەڵ یەکدا هاتوون. ئەم وشانە یەك ڕەگیان هەیە، بەڵام لە واتادا دژن، وەکو: ستەم/دادپەروەری، بەهێز/بێهێز، خۆشی/ناخۆشی...تاد. واتە ئەم وشانە دەلالەتی هاوبەشیان هەیە، بۆیەیش ئێمە هەوڵی دۆزینەوە و ڕاڤەکردنی ئەم دوانە دژوازانە لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ دیاریکردنی ڕەهەندەکانیان دەدەین.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بەشی دووەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دوانە دژوازەکان لە هەقایەتدا**

هەقایەتی فۆلکلۆری بە گشتی ململانێی نێوان دوو بەرەی دژ بەیەکە، ئەو ململانێیە کۆمەڵێ ڕەهەندی لێدەکەوێتەوە. یەکێك لەو ڕەهەندانە، ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە. ئەو هەقایەتانەی هەڵگری خەم و ئازارەکانی مرۆڤن. پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵیش پێوەندییەکی لە مێژینەیە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا مێتۆدی کۆمەڵایەتی لە ڕەخنەی ئەدەبییدا بۆ توێژینەوە لە دەقی ئەدەبی پەیدا دەبێت. بە بڕوای ڕابەرانی ئەم مێتۆدە ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵ، کەواتە بەبێ کۆمەڵ ئەدەب بوونی نییە و بە پێچەوانەشەوە. لە ڕێی ئەم مێتۆدەوە لە پێوەندی و کاریگەری ئەدەب لەسەر کۆمەڵ و کۆمەڵ لەسەر ئەدەب دەکۆڵدرێتەوە. هاوکات ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی نووسەر کۆمەکی باشی ئەم لێکۆڵینەوانە دەکات. بۆیەیش هەر گۆڕانێك لە کۆمەڵدا ڕوو بدات، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گۆڕانکاری لە ئەدەبدا دەبێت. ((بایەخی کارە ئەدەبیەکان وەکو چالاکییەکی مرۆڤایەتی بۆ کۆمەڵ دەگەڕێتەوە، چونکە کاتێك کۆمەڵ تەواوکەری کارە ئەدەبییەکان دەبێت، ئەگەر ئەدەب بتوانی بە شێوەیەکی مرۆڤانە گوزارشت لە مرۆڤ و هەست و نەستەکانی لە کۆمەڵدا بکات.)) ﴿سالح،٢٠١٢،ل٨٨﴾ ئەم پێوەندییە پتەوەی نێوان کۆمەڵ و ئەدەب بۆ گوزارشتی ئەدەب لە تاکەکان وەکو هۆکارێك دەگەڕێتەوە، هاوکات ڕەنگدانەوەی زەم و ئازارەکانی مرۆڤە لەناو ئەدەبدا.

دوانە دژوازەکان لەناو بواری کۆمەڵایەتییدا ڕۆڵێکی گرینگ دەبینن، زیندوویێتی کۆمەڵ بە بوونی ململانێی نێوان ئەو دوانە دژوازانە و بوونی جیاوازی بەستراوەتەوە. ئاشکرایە کۆمەڵ لە چەندین چینی کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوەی جیاواز پێکهاتووە. هەموو ئەمانە لە کاتی جووڵانیان بەر یەك دەکەون، ئەم بەریەککەوتنە ململانی دروست دەکات، ململانێیەکانیش لە ئەنجامی ناکۆکبوون و دژبوونیانە لەگەڵ یەکدی. کەواتە دژبوون بزوێنەری کۆمەڵیە. لێرەدا بکەر،یان تاکی کۆمەڵایەتی کاتێك کردەوەیەك، یان قسەیەك دەکا، پێگەی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت. واتە ((ئەو پێگە و کایەی بکەر تێیدا دەئاخڤێ، دەستنیشانی جۆری ئاخاوتنەکەی دەکات.)) ﴿سیوەیلی،٢٠١٠،ل١٠٨﴾ لێرەوە چەند دوانەیەکی دژواز وەکو لایەنی پراکتیکی لە هەوایەتی فۆلکلۆری کوردیدا لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە دەستنیشان دەکەین، بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکە.

**١. دوانەی (هەژاری/دەوڵەمەندی)**

ململانێی چینەکانی ناو کۆمەڵ لە فەلسەفەی مارکسیدا چەمکێکی سەرەکییە. تەنانەت ئەو ململانێیە بزوێنەری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە لە مێژوودا. لە کۆندا چینی بورژوازی و سەرمایەدا دەستی بەسەر ژیانی چینی کرێکار و هەژاردا گرتبوو. بەپێی بۆچوونی مارکسییەت بنەمای چەمکی چینایەتی ئابووری و پارەیە. تەنانەت "مارکس" و "ئەنگڵس" هەمیشە دوو چینی دژ بەیەکیان جوودا دەکردنەوە، ئەوانیش چینی سەرمایەدار(دەوڵەمەند) و چینی کرێکار(هەژار) بوون. هەمیشە بورژوازییەکان وایان بیردەکردەوە دەوڵەمەندی و خانەدانیان لە خوێنەوە بۆ ماوەتەوە. واتە ئەوان هەر لە کۆنەوە لە ڕەگەز و تیرە و خوێنەوە دەوڵەمەند بوونە. ئەم جیاوازییەیان بۆ ناو ئەدەبیاتیش گواستبوویەوە. ئەدەبیاتی چینی بورژوازییەکان بە زمانێکی باڵا دەنووسرا، بە پیچەوانەوە زمانی ئەدەبیاتی پرۆلیتاریان بە زمانێکی بازاڕ و هەرزان تەماشا دەکرد. هەرچەندە ئەم دوو چینە لە فەلسەفەی مارکسیدا بە شێوەیەکی ئایدیۆلۆژی کاریان لەبارەوە کراوە. بەڵام لە کۆندا


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ململانێی چینەکان شێوەیەکی سادەتری هەبووە. هەقایەتی فۆلکلۆری وەکو هێما و نیشانە ئاماژەن بۆ ململانێی نێوان چینی هەژار و دەوڵەمەند، کە دەتوانین بە شێوە سەرەتایی و سادەی فەلسەفەی مارکس هەژاری بکەین.
ئاشکرایە کۆمەڵی کوردەواری لە کۆندا، کۆمەڵیەکی خێڵەکی و گوندنیشن بووە، سێستەمی دەرەبەگایەتی لە گوند دەسەلاتی تەواوی هەبووە، هەموو کایەکانی ژیانی گوندیان لەژێر دەست بووە. ئاغا و دەرەبەگ دەستیان بەسەر تەواوی سامان و موڵك و بەرهەمی جووتیار و خەڵکی دیکەدا گرتبوو. لێرەوە ململانێی لەنێوان ئەم دوو چینەدا پەیدا دەبێت. نابێ ئەوەیشمان بیر بچێت بە هۆی هاتنی ئایینی ئیسلامەوە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی سوودی لە هێندێ خاسیەتی هەقایەتی عەرەب و نەتەوەکانی دیکە وەرگرت، بۆیەیش زۆرجار ئەم ململانێیە بۆ ناو شار دەگوازرێتەوە، ئەویش لەنێوان بازرگان و کرێکار و خەڵکی ئاساییدا. ((زەوتکردنی هەموو ڕەنج و ماندووبوونیان کەلێنی زیاتری لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا دروست دەکرد و جیاوازی چینایەتیش بە ئاشکرا لە کۆمەڵدا پەیڕەو دەکرا.)) ﴿سالح،٢٠١٢،ل١٥٤﴾ بۆ گوزارشتکردن لەم بارە، هەقایەتی فۆلکلۆری لە کۆندا یەکێك بووە لە هۆکارەکانی گوزارشتکردن. هەقایەتی (ماڵی گاوان) بە تەواوی ڕەنگدانەوەی ململانێی چینی هەژار و دەوڵەمەندە، یان بە واتا ئایدیۆلۆژییەکەی ململانێی نێوان چینی دەرەبەگ و جووتیارە. لەم هەقایەتەدا جیاوازی چینایەتی بە گوێرەی قەبارەی ڕۆڵی هەریەك لە چینەکان دەردەکەوێت. هاوکات بە ئاشکرا ڕۆڵی پارە و موڵك لە بەرجەستەکردنی ستەمدا دیارە، کە چۆن پارە دەبێتە هۆی جیاوازی دروستکردن لەنێوان دوو چیندا. ئەم هەقایەتە باس لە گاوانی گوند دەکا، کە ژنێکی جوانی هەیە و ئاغای گوندی (هەرچەندە لە هەقایەتەکەدا بە پاشا ناوی هاتووە) دەیەوێ ژنی گاوان بۆ خۆی زەوت بکات. ((ڕۆژەك پاشا ژنی گاوانی دیت زۆر جوان بوو، ئەوجا هەموو ڕۆژێ وەکی گاوان دەچووە ئیشێ، پاشا دەچوو کورسییەکی دادەنا و لە بەرامبەر ماڵی گاوانی دادەنیشت. ماوەیەکی پیچوو ژنەکە هیچ نەیدەتانی بچێتە دەرێ ئیش بکا لە شەرمی پاشا.)) ﴿عەلی،٢٠١٣،ل١٣٠﴾ لێرەوە نیەتی ئاغا/پاشا دەردەکەوێ لەوەی خۆی بە خاوەنی هەموو شتێك دەزانێ، تەنانەت ژنی خەڵکی گوندیش، ئەو مافەیش بە خۆی دەدا وەکو چۆن موڵك و سامانی خەڵکی گوندی داگیرکردووە، ئاوا ژنەکانیشیان داگیر بکات. بۆیەیش ئاغا بە هۆی بوونی ماڵ و سامان و دەوڵەمەندی چاو لە هەموو شتێکی خەڵکی دەبڕێت، چونکە لە ڕووی دەروونییەوە وا هەست دەکا ئەو خاوەنی هەموو شتێکە و هەر ئەویش ئەو مافەی هەیە پارە و سامانی هەبێت. ژنەی گاوان ئەم نیازی ئاغا بە مێردەکەی دەڵێت، گاوانیش لە بێدەسەڵاتیدا، ناچار دەچێتە لای ئاغا بە بەهانەی ئەوەی چیتر ناتوانی ئەو کارە بکات، بۆیەیش واز دەهێنێت و دەیەوێ لە گوند بار بکات. ئاغایش هەست بەوە دەکات. ((گاوان هەستا ڕۆیی لەگەڵ ژنەکەی و دوو منداڵەکەی لە گوند چووە دەرێ. بەس ئاغا شکی کردبوو؛ پێی زانی. ئاغای زۆردار و بەدەسەڵات لەبەر ژنەکەی گاوان بە سواری ماینی چووە دوویان. ژنەکەی لە گاوانە هەژارەکە گێڕایەوە و پایوەکە و دوو منداڵەکەی لە گوند دەرکرد و پێی گۆتن: بڕۆن قەت نەیەنەوە ئەو گوندەی.)) ﴿عەلی،٢٠١٣،ل١٣١﴾ لێرەدا ستەمی ئاغا دەگاتە لووتکە، چونکە وەك گوتمان خۆی بە خاوەنی هەموو شتێکی خەڵکەکە دەزانێت. ڕۆیشتنی گاوان بە هۆی بێ ئومێدییەوە بووە، چونکە هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە. ئەم دیاردانە لەناو دەقی دیکەی وەکو ڕۆمانیش ڕەنگیداوەتەوە. بۆ نموونە ڕۆمانەکانی "عەزیزی مەلای ڕەش" و "یەشار کەمال" و "مەنسوور یاقووتی" .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەم هەقایەتە دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی چینی درەبەگ و دەوڵەمەندە لە کۆندا، هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەو ستمە کۆمەڵایەتیانە نیشان بدات، کە خەڵکی بە دەستیانەوە دەیانناڵاند. دەبینین گاوان لەبەر هەژار و بێدەسەڵاتی ، ئەو شوێنە جێدەهێڵێت بەبێ ئەوەی هەوڵی گۆڕینی ئەو سێستەمە بدات، بەبێ ئەوەی هەوڵی هێنانەدی یەکسانی بدات. هاوکات نیشاندانی چینی دەسەلاتدار و دەوڵەمەندە وەکو بارێك بەسەر کۆمەڵوە، چونکە لەمەوە نیشانەکانی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵ دەردەکەوێت. لەلایەکی دیکە چینی دەوڵەمەند لەسەر ئەرك و ماندووبوونی خۆیان ناژین. گاوانیش هەست بە چەوسانەوەی خۆی و خێزانی دەکات، ڕۆیشتنی لە گوند بە دیوێکی ناڕاستەوخۆ هەوڵێکی شەرمنانەیە بۆ ڕزگاربوون لە دەست ستەمی ئاغا. بۆیەیش ((ڕەوایە کە جووتیارەکان هەست بە باری چەوسانەوە و ژیانی چەرمەسەری خۆیان بکەن و ئەو بیرە بە میشکیاندا بێت، کە هەوڵێك بۆ دەربازبوون لەلایەك و ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە لەلایەکی دیکە بدەن.)) ﴿ئاشنا،٢٠٠٧،ل٢٢٠﴾ هەستی جێهێشتنی شوێنەکە هەوڵێکە بۆ ئەوەی لە ڕێیەکی دیکەوە تۆڵەی خۆی بسێنێتەوە. گاوان دەچێتە گوندێکی دیکە لەوێ دەبێتە قاوەچی ئاغای ئەو گوندە. ئاغایش وەسیەت دەکات ئەگەر مرد، قاوەچی بکەنە ئاگای خۆیان. لەلایەکی دیکە نەهامەتی ڕوو لە گوندی ئاغای ستەمکار دەکا و هیچیان نامێنێت، ڕوو لەو گوندە دەکەن، کە گاوان لێی بۆتە ئاغا. ((ئەوجا ئاغایەکە بە پاشایەکەی گۆت: ئەتو وەختی خۆی ئەو ژنەت لەمن ستاند و ماڵی ئێمەت تێکدا. ئەمن ئێستا حەقی خۆت لێدەکەمەوە، ئەوەندە ساڵە خێزانی منت بی ساحێب کرد.)) ﴿عەلی،٢٠١٣،ل١٣٣﴾ کۆتایی هەقایەتەکە هاوکێشەیەکی لۆژیکیمان لەو سەردەم بۆ دەسەلمێنێت. ئەویش هەمیشە ئەو کاتەی هێز و دەسەڵاتت هەیە دەتوانی تۆڵە بکەیتەوە، لە کاتی بێدەسەڵاتی و نەبوونی ماڵ و پارەدا ناتوانی تۆڵە لە ستەمکار بسێنیتەوە. گاوان دوای ئەوەی دەبێ بە ئاغا و دەسەڵات و پارەیەکی زۆری دەبێت، بەرانبەرەکەیشی بێدەسەڵاتە، ئەو کاتە تۆڵەی خۆی دەکاتەوە. بوونی ململانێ لەنێوان دەوڵەمەند و هەژار لە هەقایەتی فۆکلۆرییدا دەرخەری نیشانەی هێزە، چونکە لە کۆندا کامە چین هێزی ئابووری و چەکداری هەبوایە، دەیتوانی دەسەڵات بەسەر کۆی شتەکاندا بگرێت. هەمان ئەو تیۆرەی مارکسە، کە ئەگەر ژێرخان لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێز بێت، ئەوا ڕاستەوخۆ سەرخانیش بەهێز دەبێت.

**٢. دوانەی (دەسەڵاتی پیاو/ بێدەسەڵاتی پیاو)**

لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی لە کۆنەوە دەسەڵاتی پیاو لە ماڵەوە بەسەر خێزان و منداڵەکانیدا زاڵ بووە. تەنانەت ئەم دەسەڵاتە بۆ بواری سیاسی و حوکمداریش درێژبۆتەوە. لە کۆنەوە پیاو وەکو تاکە دەسەڵات و گەورە، بەبێ ئەوەی کەس بەرەنگاری بێتەوە لە ڕەگەزی بەرانبەر دەرکەوتووە.. ژن وەکو بوونێکی گوێڕایەڵ و تەنانەت کۆیلەی هاوسەرەکەی تەماشاکراوە. ئەم دوانە دژوازانە هەمیشە لە ململانێدا بوونە، ئەمە ڕەهەدنێکی کۆمەڵایەتییانە بەم دووانانە دەبەخشێت، چونکە لە کۆمەڵی وەهادا دەسەلاتی پیاو بەسەر ژندا زاڵە. لە زۆربەی هەقایەتی فۆلکلۆری کوردییدا وێنانی ژن بە خیانەتکار و ژێردەستە نیشاندراوە.

کەم هەقایەتمان هەیە، ژن ڕۆڵی ئەرێنیی تێدا بگێڕێت و دەسەڵاتی هەبێت. ئەویتر هەموو پێوەندییە هاوسەرگیرییەکان لەسەر پیشاندانی دەسەڵاتی پیاو بۆ سێستەمی کۆمەڵایەتی کاریان کردووە. لە هەقایەتی (ئایشێی ناو بیر)دا، وێنەی ژن وەکو بوونێکی هاروهاج و چەنەباز پیشاندراوە. لەم هەقایەتەدا پیاوەکە کەسێکی

گوێلەمستی ژنەکەیەتی، ژنەکە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر پیاوەکەدا هەیە. ((کابرایەك هەبوو ژنێکی زۆر چەنەباز و هاری هەبوو ناوی ئایشێ بوو. ئەم ژنە هەر کە کابرای بەستەزمان لە کار دەهاتەوە ژنە لەگەڵ کابرای قوڕبەسەر دەیکردە هەرا و بۆڵە بەسەریدا.)) ﴿حوسێن،٢٠٠٧،ل١١٤﴾ وێناکردنی ژن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لێرەدا ڕەهەندێکی نێگەتیڤی هەیە. بەوەی بەردەوام سەردەخاتە سەر مێردەکەی. بۆیەیش کابرا بۆ ئەوەی لە دەست ئەم ژنە ڕزگاری بێت، فێڵێك دەدۆزێتەوە. گوایە بیرێکی دۆزیوەتەوە پڕیەتی لە زێڕ و زیو. ژنەیش دەڵێ: تۆ بە گوریس بۆ ناو بیرەکەم شۆڕکەوە، کابراش لە کاتی شۆڕکردنەوەی ژنە، گوریسەکە بەردەدات و ژنە دەکەوێتە ناو بیرەکە. ((ئەوە کێیە لەسەرەوە خێری دەگات فریام کەوە دەرم بێنە، کابراش هەرزوو گوریسێکی هێنا و شۆڕی کردەوە ناو بیرەکە و ڕایکێشا، کە هاتە دەرەوە کابرا چی دیت؟ ئەژدیهایەکی گەورە هاتە دەرەوە کابرا لێی پرسی، ئەژدیهاکەش وتی: بۆ خاتری خوا ئەوە ژنێکی هار لە خوارەوەیە، بۆ ماوەی هەفتەیەك دەچێ، کە هەموو ڕۆژێ بە قامچی لێم دەدا و هەموو گیانی شکاندووم من قەت لە چاکەت دەرناچم دەبی پاداشتت بدەمەوە.)) ﴿حوسێن،٢٠٠٧،ل١١٥﴾ لێرەدا تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکە بۆ ژن قووڵتر دەبێتەوە، بەوەی هەر خێزانێك، ماڵێك ژن دەسەڵاتی تێدا بوو، ئەوا وێران دەبێت، دەبێتە دۆزەخێك بۆ ژیان. تەنانەت لەم هەقایەتەدا ئەژدیها، کە هێمایە بۆ خەراپە لە دەست ژنەی ناو بیر دادوبێدادیەتی. کەواتە ئەم جۆرە ژنانە خراپەیان لێدەرژێ. ئەم تێڕوانینە کۆمەڵایەتییە بۆ ژن بێگومان پشتخانێکی قووڵی هەیە، بە هەموو شێوەیەك توانای ژن ڕەتدەکاتەوە، هەرچەندە تێڕوانێکی کۆنە.

تێڕوانینێکی دیکە لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردییدا بۆ ژن هەیە، ئەویش هەڵگری هەمان ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە. ئەم تێڕوانینەیش هەوڵێکە بۆ بێدەسەڵاتکردنی ژن و نیشاندانی بە شێوەیەکی دیکە، هاوکات بە ناڕاستەوخۆ ئەو پەیامەمان پێدەڵێت، کە دەبێ پیاو دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ماڵ و خیزاندا هەبێت. لێرەدا ژن وەکو هەر کاڵایەکی جوانکاری و چێژوەرگرتن تەماشا دەکرێت. لە زۆربەی هەقایەتە فۆلکلۆرییە کوردییەکاندا ژن وەکو ئامرازێکی جوانی، هاوکات بۆ چێژوەرگرتنە. ئەوە هەر ژنە لەلایەن دێوەکانەوە دەرفێندرێن، پاڵەوان دەبێ ڕزگاریان بکات. هەمیشە وێنای کچەپاشا و کچی شاپەرییان وەکو ژن و کچی زۆر جوان وێناکراون. لە هەقایەتی (سێ دەرمان)دا پاشایەك سێ کوڕی هەیە، دوای ئەوەی نەخۆش دەکەوێت و چارەی نابێت، دەروێشێك پەیدا دەبێت ، باسی سێ دەرمانی بۆ دەکات، بەڵام هەر دەرمانەی لە شوێنێکی زۆر سەخت و عاسێیە و دەستخستنی زۆر ئەستەمە. هەر سێ کوڕەی پاشا بۆ پەیداکردنی ئەو دەرمانانە دەڕۆن. هەر سێ کوڕەکە دوای لە یەکدابڕانیان، هەر یەکەیان تووشی کچێکیجوان دەبێت. ((پاش ماوەیەك، سێ براکە لە کوێ لە یەك دابڕان، لەوی یەکدیگر بوونەوە و هەر یەکەو کچێکی جوانی هێنابوو. هەر یەکە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و بەیەکەوە گەڕانەوە ماڵێ.)) ﴿گەردی،٢٠١٤،ل٢٨٠﴾ لە هەموو ئەمانەدا ژن و کچ وەکو قوربانی ، لەلایەکی دیکە وەکو دەسکەوت وێناکراون. ئەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە بۆ ژن و کچ بۆ تێڕوانینی ژن دەبێ هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی پیاودا بێت دەگەڕێتەوە. واتە ئەگەر پیاو نەبێت، ئەوا ژن ناتوانێ خۆی بەڕێوە ببات و لە ناخۆشییەکان خۆی ڕزگار بکات.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### ٣. دوانەی (سیستەمی کۆمەڵایەتی زۆردار/ سیستەمی کۆمەڵایەتی ئازاد)

دوانەی دژوازی چاکە و خراپە بەشێکی زۆری هەقایەتی فۆلکلۆری داگیرکردووە. هەر یەك لەو هێزانەیش سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەڕێوەیان دەبات. واتە چوارچێوە و یاسایەك هەیە، لەسەری دەڕۆن. ئەم دوو سیستەمە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی دوو سیستەمی گەورەتر، ئەوانیش سیستەمی نیوان شارستانیەتەکانە. زۆر جار نەتەوەیەك هەوڵی ناشرین کردن و خەراپ نیشاندانی سیستەمی کۆمەڵایەتی نەتەوەیەکی دیکەی داوە. ئەمەیش وەکو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی تەماشاکراوە. تاکو تاك لەناو کۆمەڵگەیدا بتوانێ هەست بە بەرپرسیارییەتی بکات. لە هەردوو سیستەمەکەیشدا پیاو/نێر ڕۆڵی لە هی ژن زیاترە. ئامانج لەوەیش ڕاهێنانی تاك و منداڵانە لەسەر ((دەستگرتن بە یەکێتیی گەل، هۆز و خێزان لە پێناو بینینی ڕۆڵێکی کارا لە بونیادنانی کۆمەڵدا.)) ﴿ابراهیم،١٩٧٤،ص١٢٠﴾ ڕاهێنانی تاك لەسەر سیستەمێکی وەهادا، بۆ ناسینەوە و نیشاندانی هەردوو هێزی چاکە و خراپەیە.

پێشتر گوتمان هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی زۆربەی لەبارەی پاشایانەوەیە، ئەمە وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێ. پاشایەتی جۆرێکە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ. لە بەرانبەردا سیستەمێکی دیکەی زۆردار و خراپەکار نیشان دەدرێت، ئەویش سیستەم و جیاهنی دێوەکانە. سیستەمی خێزان لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، بە زۆری سیستەمێکی بورژوازیانەیە،چونکە زۆربەی هەقایەتەکان لەبارەی خێزانی پاشاکان، دەوڵەمەندەکا، بازرگانەکانە، لە زۆربەی جارەکانیش ئەمانە لە بەرەی چاکەن. لە هەقایەتی (جەژنی شەڕە ئاو)دا، پاشا وەکو کەسێکی ڕاستگۆ و باش وێناکراوە. ((دەبێ نابێ وەکو باس دەکەن لە کۆندا پاشایەك هەبوو. ئەو پاشایە لەگەڵ میللەتەکەی زۆر باش و ڕاستگۆ بوو. حوکمی شارێکی گەورەی دەکرد. خەڵکی شارەکە زۆر بەوە خۆشحاڵ بوون، کە ئەو پاشایە حوکمڕانیان دەکات.)) ﴿علی،٢٠١٠،ل٣٧﴾ نیشاندانی سیستەمی پاشایەتی و ژیانی دەوڵەمەند و بازرگانان، وەکو سیستەمێکی خەمخۆر و ڕاستگۆ و دادپەروەر، پێداهەڵگوتن و پیرۆزکردنی ئەو سیستەمەیە، هاوکات ڕیشەکەی بۆ زاڵبوونی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە، کە لە کۆندا حوکمڕانی خەڵکی کردووە، چونکە پاشا و میرەکان شاعیران و نووسەرانیان لە دەربارەکانی خۆیان ڕاگرتووە، هەوڵیانداوە لە ڕێی ئەوانەوە سەردەم و ماوەی حوکمی خۆیان بە جوانترین و باشترین شێوە بنووسرێتەوە و ناوبهێندرێت. چەندین نموونەی دیکەمان لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی هەیە، کە گوزارشتن لە جواننیشاندانی سیستەمی پاشایەتی. لێرەدا مەبەستمانە بڵێین بە ناڕاستەوخۆ ئەم سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییە باش نیشان دەدرێت، هاوکات بە سیستەمێکی ئازاد و خۆشگوزەران وێناکراوە.

لە بەرانبەردا سیستەمێکی کۆمەڵایەتی زۆردار نیشان دەدرێت، ئەویش ژیانی دێوەکانە. ئەم دێوانە وەکو دڕندەترین شێوەی بەرەی خەراپە وێناکراون. وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نماییش کراوە، چونکە یەکێك لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی قەناعەت دروستکردنە لەلای گوێگر و خوێنەر، هاوکات ئەو وێنەی ئەوان لە هزریاندا بچەسپێنێ. هەقایەتی فۆلکلۆر هیچ کات ڕووی دەمی لە یەك کەس نییە، بۆ کۆمەڵە خەڵکێکە، تاکو زۆرترین کاریگەری هەبێت بۆیەیش زۆربەی جاران پاڵەوان لە بنەماڵەی پاشا، یان دەوڵەمەندێکە، ئەویش دەبێتە تاکە فریادڕەس و بەسەر بەرەی خەراپەدا زاڵ دەبێت. ئەمەیش ئەوەمان پێدەڵێت، نیشاندانی سێتسمەی پاشایەتی و بورژوازییەتە، وەکو تاکە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی

ڕزگاریخواز. لە ڕێی هەقایەتەوە ((ئەرك و بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی لە کەسە وەهمییەکانی ناو هەقایەتی بار دەکرێ، بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەوانەوە هەمان داوا لە گوێگرەکان بکرێت.)) ﴿حلاوە،٢٠٠٣،ص١٢٦﴾ ئەمەیش ئیشکردنە لەسەر دروستکردنی ئەو هەستە لای تاکی کۆمەڵ، کە بەرپرسیارانە مامەڵە بکات. هەمیشە سیستەمی پاشایەتی و پاشا و شاژن بە کەسانی باش وێناکراون. بە پێچەوانەوە کەسایەتی جادووگەر و پیرەژن و دێوەکان وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی خەراپەکار نیشان دراون.

**ئەنجامەکان:**

١. نووسەران و شاعیران گەورەترین توێژێکن، بەردەوام لە ژیانێکی دژوازدا دەژین. ئەوان هەمیشە لەگەڵ تاکەکانی دەورووبەریان و کۆمەڵ لە ململانێدان، بە هۆی ئەمەوە باشترین بەختیان لە بەرهەمهێنانی دوانە دژوازەکاندا هەیە.

٢. دوانە دژوازەکان لە گێڕانەوەدا کاریگەریان لەسەر بە گەڕخستن و بەرەوپێشبردنی توخمەکانی گێڕانەوەدا هەیە.

٣. هەقایەتی فۆلکلۆری بە گشتی ململانێی نێوان دوو بەرەی دژ بەیەکە، ئەو ململانێیە کۆمەڵێ ڕەهەندی لێدەکەوێتەوە. یەکێك لەو ڕەهەندانە، ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە. ئەو هەقایەتانەی هەڵگری خەم و ئازارەکانی مرۆڤن.

٤. کۆمەڵی کوردەواری لە کۆندا، کۆمەڵیەکی خێڵەکی و گوندنیشن بووە، سیستەمی دەرەبەگایەتی لە گوند دەسەلاتی تەواوی هەبووە، هەموو کایەکانی ژیانی گوندیان لەژێر دەست بووە. ئاغا و دەرەبەگ دەستیان بەسەر تەواوی سامان و موڵك و بەرهەمی جووتیار و خەڵکی دیکەدا گرتبوو. لێرەوە ململانێی لەنێوان ئەم دوو چینەدا پەیدا دەبێت. نابێ ئەوەیشمان بیر بچێت بە هۆی هاتنی ئایینی ئیسلامەوە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی سوودی لە هێندێ خاسیەتی هەقایەتی عەرەب و نەتەوەکانی دیکە وەرگرت، بۆیەیش زۆرجار ئەم ململانێیە بۆ ناو شار دەگوازرێتەوە، ئەویش لەنێوان بازرگان و کرێکار و خەڵکی ئاساییدا.

٥. تێڕوانینێکی دیکە لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردییدا بۆ ژن هەیە، ئەویش هەڵگری هەمان ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە. ئەم تێڕوانینەیش هەوڵێکە بۆ بێدەسەڵاتکردنی ژن و نیشاندانی بە شێوەیەکی دیکە، هاوکات بە ناڕاستەوخۆ ئەو پەیامەمان پێدەڵێت، کە دەبێ پیاو دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ماڵ و خێزاندا هەبێت.


e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)

سەرچاوەکان:

**بە زمانی کوردی**

١. ئاشنا(ئومێد)، ٢٠٠٧، شێوە و ناوەڕۆك (کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢. زیما (پییەر.ڤا)، ٢٠٠٤، هەڵوەشانەوەگەرایی، و:ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، پێداچوونەوەی: ئازاد سوبحی، ڕێبین بۆ چاپ و پەخشی کتێب، هەولێر.

٣. حوسێن (د.هیمداد)، ٢٠٠٧، ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی (دەق و لێکۆڵینەوە)، سەنتەری ڕووناکبیریی هەتاو، هەولێر.

٤. ساڵح (ئاوارە کەمال)، ٢٠١٢، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردن لە شیعرەکانی گۆراندا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٥. سیوەیلی (ڕێبوار)، ٢٠١٠، پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسی فەلسەفی، دەزگای موکریان، هەولێر.

٦. عەلی (حسێن سابیر)، ٢٠١٣، باخی قەڵات، کۆڵیجی قەڵا بۆ بەهرەداران، هەولێر.

٧. گەردی (عەزیز)، ٢٠١٤، سێ دەرمان (هەقایەتی کوردەواری)، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی**

٨. ابراهيم (د.نبيلة)، ١٩٧٤، اشكال التعبير في الادب الشعبي، دار النهضة، القاهرة.

٩. ابوديب (كمال)، ١٩٧٩، جدلية الخفاء والتجلي (دراسة بنيوية في الشعر)، دارالعلم للملايين، ط١، بيروت.

١٠. الحمداني (حميد)، ١٩٩١، بنية النص السردي في منظور النقد الادبي، المركز الثقافي العربي للطباعة والدار البيضاء، لبنان.

١١. حلاوة (د.محمد السيد)، ٢٠٠٣، الادب القصصي للطفل (منظور اجتماعي والنفسي)، المكتب الجامي الحديث، الاسكندرية.

١٢. السعدني (مصطفي)، ١٩٨٧، المدخل اللغوي في النقد الشعر (قراءة بنيوية)، مطبعة منشاة المعارف، الاسكندرية.

١٣. صليبا (جميل)، ١٩٩٤، المعجم الفلسفي، ج١، دارالكتاب اللبناني، بيروت.

١٤. الطرايفي (اركان حسين مطير)، ٢٠٠٦، التضاد في بحث النقدي والبلاغي عند العرب، اطروحة دكتوراة، جامعة بغداد.

١٥. عبدالمطلب (محمد)١٩٩٧، البلاغة العربية (قراءة اخري)، المركز المصرية العالمية للنشر، لونجمان.

١٦. عبدالمطلب (محمد)، ٢٠٠٢، بناء الاسلوب في الشعر الحداثة،منشورات عالم الكتب، اربد.

١٧. فضل (د.صلاح)، ١٩٨٧، نظرية البنائية في النقد الادبي، دارالشوون الثقافة العامة، بغداد.

١٨. كوهن (جان)، ١٩٩٥، اللغة العليا (نظرية الشعرية)، ت:احمد درويش، المجلس الاعلي للثقافة العامة، بغداد.

١٩. هامون (فليب)، ٢٠١٣، سيميولوجيا الشخصيات الروائية، ت:سعيد بنطراد، تقديم: عبدالفتاح كيليطو، الرباط.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢٠. الديوب (سمير)، حزيران ٢٠٠٨، جماليات النسق الضدي (شعر ابي علاء المعري نموذجا)، مجلة التراث العربي، تصدر اتحاد الكتاب العرب، عدد: ١١٠، دمشق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی دوانە دژوازەکان لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا) هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی ئەو دوانە دژوازانەی دەقی هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیان پێکهێناوە، بەتایبەت ئەو دوانانەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە. توێژینەوە لە دوانەی دژواز گرینگی خۆی لە ئاشکراکردنی دەلالەت و ڕاڤەی دەق و گوتاردا هەیە. توێژینەوەی بونیادگەرەکانیش باشترین نموونەن، بەتایبەتی لە ئاستی زمانییدا.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم بە ناونیشانی (سەرەتایەك لەبارەی دوانەی دژوازەوە) هەوڵێکی تیۆریانەیە لەبارەی چەمکی دوانەی دژوازەوە، بەوەی تا چەند ڕۆڵیان لەناو دەقدا هەیە. سەرەتای توێژینەوە لە دوانە دژوازەکان بۆ کام تیۆری ڕەخنەیی دەگەڕێتەوە. هەرچی بەشی دووەمە بە ناونیشانی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی دوانە دژوازەکان لە هەقایەتدا) هەوڵێکی پراکتیکییە لەو دوانە دژوازانەی لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا ڕەهەندی کۆمەڵایەتیان هەیە. بەتایبەت دوانەی هەژاری و دەوڵەمەندی، سیستەمی پیاوسالاری و سیستەمی بەڕیوەبردنی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

بۆ ئەم توێژینەوەیە پەنامان بۆ مێتۆدی سیمیۆلۆجی بردووە، چونکە لە ڕێی ئەم مێتۆدەوە دەتوانین دەلالەتە کۆمەڵایەتییەکانی هەریەك لەو دوانانە دەربخەین. بەوەی ئایا هەریەك لەوانە چ دەلالەتێکیان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە. ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی دوانە دژوازەکان و خوێندنەوەیەکە بۆ لایەنی کۆمەلایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێی دەقی هەقایەتەوە لە کۆندا.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ملخص البحث**

هذه الرسالة (البعد الاجتماعي التناقضات المزدوجة الحكاية الفوكلورية الكردية) معاولة لتعريف هذا التناقضات المزدوجة في الحكاية الفولكلورية. انها بحث جديد و ذو شآن في مجال النقد الادبي. ان هذة الرسالة محاولة لتحديد و عرض مقام و دور المنهج السيميولوجي وتبيان التناقضات المزدوجة. تتالف الرسالة من مقدمة و اثنين فصول. الفصل الاول خاض باستراتيجية الابعاد التناقضات المزدوجة، و هي فصل النظري. تحدثنا عن مفهوم وتعريف التناقضات المزدوجة، ثم سلط الضوء علي تاريخ البعد التناقضات المزدوجة. وتناول في الفصل الثاني تحدثنا البعد الاجتماعي للتناقضات المزدوجة في الحكاية الفولكلورية الكردية. وقد خصصنا الفصل الثاني لتطبيق الاستراتيجية التناقضات المزدوجة في الحكاية، مثل: فقير و غني، سلطة الاجتماعية...الخ. وختاما وصعنا قائمة بالمصادر وملخضا للبحث باللغتين العربية والانجليزية.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Abstract

This message (the social dimension of the dual contradictions of the Kurdish folklore story) is adapted to define these dual contradictions in the folk tale. It is a new and very fierce research in literary criticism. This thesis is an attempt to identify and present the role and role of the Semiologic approach and to illustrate the dual contradictions. The letter consists of an introduction and two chapters.

The first chapter deals with the strategy of dimensional double contradictions, which is the theoretical separation. We talked about the concept and definition of dual contradictions, and then highlighted the history of the dimension of dual contradictions. In the second chapter, we discussed the social dimension of the dual contradictions in the Kurdish folktale. We have devoted the second chapter to the implementation of the strategy of double contradictions in the story, such as: poor and rich, social authority ... etc. In conclusion, we have compiled a list of sources and a summary of the research in Arabic and English.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)